# پێنج پارچە شیعری

## ژاڵە سوهرابی

### جەژن

لەو کاتەی زاڵمەکان
دەماری ژینیان دەمژی
شکۆفەی ئەوینی منداڵیمان
بەدەستی خیانەت
ئەژاکا...؟!
لەدەروونما، سروود بێژان
جێژنی سەرکەوتنی، بزەیان لێئەدا

***

### خەیاڵ

ئێواران دوای خواحافیزی خۆرەتاو
بەخێرهاتنی مانگە شەوی
سەرپاساریی ماڵەکەمان دەکەم
سەرسام...
لەئامێزی بیرەوەری نیگاکانمان
لەگەڵ برسێتی مناڵە هەژاری
درلوسێمان
هەتا بەیان
هەتا دووبارە سلاّوی خۆرەتاو
لەخەیاڵە خنجیلانەی
هێلانە پڕ لەسۆزەکەی تۆدام

### یادگارییەک

پێشکەشە

بە....؟!

هەرگیز نالێم عاشقانە، عاشق نەبووم
هەرگیز نالێم تۆ خۆپەرستیو
تێنەگەیشتی لەخۆشەویستیم
پەشیمانیش نیم
لەباوەڕی خۆم
لەهزربوونی روح و جەستەی خۆم
بەڵام لام خۆشە یادگارییەک
لەخۆشەویستی، پڕ لەعاتیفە
مەزدای باڵای تۆم
تاران
***٢٠٠٩/٥/١٢

### عشقێکی لەدەستچوو

ئەمشەو لەخەوم دا پێت گەیشتم
زۆر ئالو واڵاو جوان بوویت
ماچێکی پڕ لەتێری لەلێوی تۆ
هەتا بەیان هەناسەی لەدەم سەندم
باوەشی نەرمت
لایە لایەی پێنواندم....
خەندەی لێوەت، روانینی پەڕ لە وشەت
گریانێکی چاوەڕوانی بەبیر خستم....
نازدارەکەی
نوێنیو ئەمرۆی ناو هەموو هەڵبەستەکانم
زۆر بێ ... تاقەتتم

تامەزرۆی قسەکانتم...
بیرەوەریت جێم ناهێڵێت
کەغەم، ئەبوو بەجوڵێ
جێمان ئەهێشت بەئاسانی
زۆر پەشیمانم
لەوەی کەنەمتوانی
عەشق بەرێکەم بەرەو ئارامی

## بیرەوەری

چەند ساڵێکت لام بەجێ ماوە
ویستم بۆتی بنێرمەوە
ئەدرەسەکەت لەلام ونەو
خۆیشت نادۆزمەوە
ویستم پێتگەینم...
کەگریان زۆر بیانووم پێدەگرێتو
بێتاقەتیو دڵی تەنگم ژێر نابنەوە
ویستم پێتگەینم..
چاوم زۆر چاوەڕانتە
بەتەمای بەرە بەیانێکە
ئامێزی بۆ بکەیتەوە
تاران
١٧/٤/٢٠٠٩

